پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو بەرانی ڕەش وسپی شاخداری کرد بە قوربانی، بەدەستی خۆی سەری بڕین، ناوی خوای لەسەر هێنان (ووتی: بسم الله) وتەکبیرەی لەسەریان کرد (ووتی: الله أكبر)، پێی خستە سەر گەردنیان (لایەکی ملیان)

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو بەرانی ڕەش وسپی شاخداری کرد بە قوربانی، بەدەستی خۆی سەری بڕین، ناوی خوای لەسەر هێنان (ووتی: بسم الله) وتەکبیرەی لەسەریان کرد (ووتی: الله أكبر)، پێی خستە سەر گەردنیان (لایەکی ملیان)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی جەژندا بە دەستەکانی خۆی قوربانی سەربڕی، وقوربانیەکان بڕیتی بوون لە دوو بەرانی قۆچدار کە ڕەنگیان ڕەش وسپی تێکەڵ بوو، وفەرمووی: (بسم الله والله أكبر) ؛ لەکاتی سەربڕیندا، وپێی ڕاستی لەسەر لای گەردنیان دانا لەکاتی سەربڕینەکەدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2971